# بەفەرمی و بۆ یەکەمین جار لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق

# شەترەنج وەک وانەیەک لە سەرجەم پەیمانگا وەرزشییەکان دەخوێندرێت





**ڕاپۆرت: هاوار مورتکەیی**

دوابەدوای بڕیاری وەزارەتی پەروەردە بە ژمارە **1352** لە **22-1-2019** بەدانانی وەرزشی شەترەنج وەک پرۆگرام لە سەرجەم پەیمانگا وەرزشییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەم هەنگاوە بە پراکتیکی و سەرپەرشتی یانەی شەترەنجی خانزاد لە **27/1/2019** کاری پێکرا و بەفەرمی لەسەرجەم شارەکان خولی فێربوونی گوتنەوەی وانەی شەترەنج دەستی پێکرد.

بە ئامادەبوونی د. کاوە عومەر بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکانی وەزارەتی پەروەردە و د. دلزار حەمەسالح سەرۆکی یانەی شەترەنجی خانزاد و د. ڤیان حوسێن بەڕێوەبەری توێژینەوە و پشتیوان شێخ ئەحمەد سەرۆکی فەخری یانەی خانزاد و مامۆستایانی پەیمانگە وەرزشییەکانی شاری هەولێر، یەکەمین وانەی فێربوونی شەترەنج لەلایەن د. دلزار حەمەسالح گوترایەوە، لە دەستپیکی ئەو ڕێورەسمەشدا بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکانی وەزارەتی پەروەردە لەوتەیەکدا ئاماژەی بۆ ئەم هەنگاوە کرد و جەختی لە گرنگیی و سوودەکانی شەترەنج کردەوە لە رووی گەشەکردن و بەهێزکردنی بیر و هزری سەرجەم تاکەکان، هەروەها دەوری یاری شەترەنج لەبەرەو پێشبردن و دانانی پلان و بەرنامە بۆ داهاتووی خۆی و تەنانەت دەورووبەرەکەیشی، وە چۆنیێتی مامەلە کردن لەکاتی دروستبوونی کێشەکان و چۆنیێتی چارەسەرکردنیان بە مێشکێکی تەندروست، دواتر بەڕێزیان ئاماژەی بۆ ئامادەباشی وەزارەتی کرد لە رووی جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە لە کردنەوەی وۆرک شۆپێک و ئێستاش بەسەرپەرشتی یانەی خانزاد لەسەرجەم شارەکانی هەرێمی کوردستان فێربوونی وانەی شەترەنج گوترایەوە.

لەولاشەوە د. دلزار حەمەسالح سەرۆکی یانەی خانزاد تیشکی زیاتری خستە سەر ئەم پرۆژەیەو رایگەیاند کە ئەم پرۆژەیە هەر لە چوارچێوەی پەیمانگاکان بەتەنها نامێنێتەوە، بەلکو لەهەوڵی ئەوەداین لە داهاتوودا لە کۆلێژ و پەیمانگاکانی دیکەشدا هەمان ئەو پرۆگرامە بخرێتە نێو وانەکانیخوێندنەوە.

دواتر خولەکە لەلایەن کاردۆ ئاکۆ یاریزانی نێودەوڵەتییەوە گوترایەوە کە ماوەی سێ رۆژی خایاند خولەکە و لە شارەکانی تریش و لەهەمان کاتدا ئەو خولە بەڕێوەچووە کە هەریەکە بەسەرپەرشتی ئەمانەی خوارەوە:

**1**- کاردۆ ئاکۆ- هەولێر
**2**- ئەسعەد ئیسماعیل- سلێمانی
**3**- سەرمەد قەسیم -دهۆک
**4**-سەفوەد موزەفەر- زاخۆ
**5**- محەمەد مەحمود- کەلار
**6**- ئاوات محەمەد- رانیە
- -لەنیا سەلاح- کۆیە
**8**- خورشید سەعید- ئاکرێ
**9**- حەسەن ئەحمەد- خانەقین
**10**- ئاکۆ ئەنوەر-چەمچەماڵ



### بەر لەدەستپێکردنەوەی خولی یانەپاڵەوانەکان

## پاریس سان جێرمان تووشی لێدانێکی کوشندە بووە

ڕۆژنامەی لیکیپی فەرەنسی ئاشکرای کرد کە هێرشبەری بەرازیلی نیمار دا سیلڤا یاریزانی یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی تا کۆتایی مانگی ئاداری داهاتوو ناتوانێت بگەڕێتەوە ناو یاریگا، بەهۆی ئەو پێکانەی لەیاری رابردوویان بەرامبەر یانەی ستراسبۆرگ لەمیانی جامی فەرەنسا لەناوەڕاستی هەفتەی رابردوو تووشی هات. بەم پێکانەی ئەستێرەی بەرازیل ناتوانێت لەیاری چوون و هاتنی قۆناغی **16**ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا یاری بکات.



# مێسی

## سێیەمین یاریزانە دەبێتە خاوەن زۆرترین سەرکەوتن لە لالیگا

ڕۆژنامەی (مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ)ی ئیسپانی بڵاویکردەوە کە لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرژەنتینی بووە خاوەن ژمارەیەکی نایاب، دوای سەرکەوتنیان بەسەر یانەی گیرۆنا، بەگوێرەی رۆژنامە ناودارەکەی ئیسپانیا یاریزانی نێودەوڵەتی ئەرژەنتینی لیۆنێل مێسی تەمەن **31**ساڵ بووە یاریزانی پلە سێ لە زۆرترین سەرکەوتنی خولی ئیسپانیا و پێش زۆربەی یاریزانانی دیاری ئەم خولە کەوتەوە، دیارترینیان رائۆل گۆنزالێس ئەفسانەی پێشووی ریال مەدرید. رۆژنامەکە ئاماژەی بەوەکرد کە یانەی بەرشلۆنە دوای سەرکەوتنی بەسەر یانەی گیرۆنا لەخولی ئیسپانیا، لیۆنێل مێسی بووە خاوەن **328** سەرکەوتن لەم خولەدا، وەکو سێیەمین یاریزانی خاوەن زۆرترین سەرکەوتن لەلالیگاو پێش رائۆل گۆنزالێسی خاوەن **327**سەرکەوتن کەوتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا رۆژنامەکە ئاماژەی بەوەکرد کە مێسی رەنگە پلەی یەکەمی خاوەن زۆرترین سەرکەوتن لەم وەرزە بەدەست بێنێت، کە دەتوانێت ژمارەی زۆبی زارێتای خاوەن **333**سەرکەوتن و گۆڵپارێز ئیکەر کاسیاسی خاوەن **334**سەرکەوتن تێپەڕێنێت. هەروەها لیۆنێل مێسی خاوەن زۆرترین گۆڵە لەمێژووی لالیگا بە **402**گۆڵ لەکۆی **437**یاریدا بەڕێژەی **0.92**لەیەک یاریدا، هەروەها دەکرێت پێش ئەفسانە تیلمۆ زارا وەکو خاوەن زۆرترین خەڵاتی پیچیچی لەزۆرترین گۆڵی یەک وەرزی لالیگا بکەوێتەوە.